# ڤاکسینەکان

## ڤاکسینەکەت بکوتە با بەردەوام تەندروست بیت

**ڤاکسینەکان ئەو شتانەن کە ڕێگری دەکەن لە نەخۆشکەوتنی تۆ**

### بۆچی پێویستم بە ڤاکسین هەیە؟

لە ئەمریکا، زۆرێک لەو نەخۆشیانە کە ڕۆژگارێک خەڵکیان زۆر نەخۆش دەخست خەریکن بنبڕ دەبن. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەمە بەکارهێنانی ڤاکسینە. ڤاکسین یارمەتی دەدات کە ڕێگری بکەین لە گوازرانەوەی نەخۆشی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. کاتێک ڤاکسینی پێویست دەکوتیت، خۆت و ئازیزەکانت دەپارێزیت لە نەخۆشکەوتن.

### ڤاکسین چۆن کار دەکات؟

ڤاکسین لە هەمان ڤایرۆس (یان میکرۆب) کە دەبێتە هۆی نەخۆشی دروست دەکرێت. ئەو ڤایرۆسە کە بۆ دروستکردنی ڤاکسین بە کار دەهێنرێت یان "مردوو"ـە یان زۆر لاوازە. نابێتە هۆی نەخۆشکەوتنی تۆ. بەڵکوو، یارمەتیی لەشت دەدات کە بجەنگێت لەگەڵ میکرۆبەکان و ئەو نەخۆشیانەی کە ئەوان دروستی دەکەن.

### کێ پێویستی بە ڤاکسینە؟



### ئایا هیچ کاریگەریی لاوەکی هەیە؟

هەندێ کەس دوای کوتان تووشی هەندێ کاریگەریی لاوەکیی بچووک دەبن. ئەم کاریگەریانە دوای یەک یان دوو ڕۆژ لادەچن.




هەندێ کەس بەدەگمەن دوای کوتان تووشی کاریگەریی لاوەکیی خراپ دەبن. زۆربەی کات، ئەم کاریگەریە لاوەکیانە تەنها بۆ ماوەی چەند خولەک یان چەند کاتژمێرێک دوای کوتان دەمێننەوە.




### پێویستم بە چ ڤاکسینێک هەیە؟

خشتەی ڕووبەڕوو ئەوە نیشان دەدات کە کەسانی گەورەساڵ و منداڵ پێویستیان بە چ جۆرێک لە ڤاکسین هەیە. ئەو کەسە گەورانەی کە بە منداڵی هەموو کوتانەکانیان بۆ نەکراوە ڕەنگە پێویستیان بە کوتانی زیاتر هەبێت. لەگەڵ پزیشکەکەت قسە بکە و بزانە پێویستت بە چ کوتانێک هەیە.

**بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم سایتە بکە: www.vaccines.gov**

**ناونی پزیشکی من:**

**ژمارە تەلەفۆنی پزیشکی من:**


Copyright © 2015, MAGNUS, Walnut, CA

ئینگلیزی (SORANI)

MAGNUS

# ڤاکسینەکەت بکوتە با بەردەوام تەندروست بیت

## سەردانی پزیشکەکەت بکە با پشکنینت بۆ بکات و هەموو ئەو کوتانە نوێیانە وەربگریت کە پێویستن بۆت.

ئەم کوتانانە کە لەخوارەوە دیاری کراون پێویستن بۆ: ______________________ (ناو) ______________ (تەمەن)

کاتی سەردانی داهاتووی تۆ ئەمەیە: __________ (ڕۆژ) ______________ (کات) (ب.ن/د.ن) ______________ (ڕۆژی لەدایکبوون)

| ئەو کوتانانە کە بۆ تۆ پێویستن | بە چی ناسراوە؟ | کێ پێویستی پێیە؟ | | | ئەم کوتانانە پێشگری لە چ نەخۆشیەک دەکات ؟ | نەخۆشیەکە دەبێتە هۆی چی؟ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تەنها منداڵان* | گەورە و منداڵ | تەنها گەورەکان | | |
| ☐ | DtaP یان Td/Tdap | | X | | دیفتریا | تا، قورگێشە و هەڵامەت/هەستی سەرما |
| | | | | | کۆپانە/تیتانووس | گرژبوونی پرلەئێشی ماسوولکە و هەناسەکێشان و قووتدانی بەزەحمەت |
| | | | | | کۆکەڕەشە | کۆکەی سەخت و زۆر، هەناسەکێشان، خواردن و خواردنەوەی بەزەحمەت |
| ☐ | ئەنفلوەنزا | | X | | ئەنفلوەنزا | هەوکردنی لووت، قوڕگ و سی |
| ☐ | HepA | | X | | هەپاتیتی A | جۆرێک نەخۆشیی جەرگ |
| ☐ | HepB | | X | | هەپاتیتی B | جۆرێک نەخۆشیی جەرگ |
| ☐ | Hib | | X | | ئەنفلوەنزای هێمۆفیلۆس جۆری b | هەوکردنی پەردەی مێشک و پەتی بڕبڕە |
| ☐ | HPV | | X | | شێرپەنجەی ملی منداڵدان | جۆرێک لە شێرپەنجەی ژنانە |
| | | | | | بالووکەی ئەندامی زاوزێ | جۆرێک نەخۆشی کە دەتوانێت لە ڕێگەی سێکسەوە بڵاو ببێتەوە |
| ☐ | IPV | X | | | ئیفلیجی | لەش ناتوانێت بجووڵێت یان هەندێجار تەنانەت ناتوانێت هەناسە بدات |
| ☐ | MCV4 | | X | | مێنینگۆکۆکاڵ | هەوکردنی پەردەی مێشک و پەتی بڕبڕە |
| ☐ | MMR | | X | | سووریژە | تا، هەڵمەشە، ئاوەزابوونی لووت و کۆکە |
| | | | | | ملەخرە | تا، سەرێشە و ئاوسانی بەسێک لە دەم کە لیک دروست دەکات |
| | | | | | ڕووبێلا (سووریژە ئەڵمانی) | تا، ئاوسانی لووەکان، و هەڵمەشە |
| ☐ | PCV | | X | | پنوومۆکۆکاڵ | هەوکردنی سی |
| ☐ | RV | X | | | ڕۆتاڤایرۆس | تا، هەڵهاوردنەوە و سکچوون |
| ☐ | ڤاریسێلا | | | | ئاوڵەمە | هەڵمەشەی ئاڵۆشاوی لە سەرانسەری لەش |
| ☐ | زۆنا | | | X | شینگڵز | هەڵمەشە و بلۆقی ئێشدار |

* منداڵانی 0 تا 18 ساڵ

**تەندروستیی خۆت و ئازیزانت بپارێزە. کوتانەکانت وەربگرە.**

www.magnuscorp.com/ffs/vaccines
Copyright © 2015, MAGNUS, Walnut, CA
MAGNUS